# ئاوێنەکانی هەناوی (ڤینۆس)و بەرکوولێك بۆ تێگەیشتن



نوسینی : تەها سلێمان

Tahasleman17@yahoo.com

ماوەیەکی پێش ئێستا شیعرێکی ژنە شاعیری کوردی نیشتە جێی هۆڵندا، (ڤینۆس فایق)لەسایتی دەنگەکان، بەناونیشانی (لەهەناوما)خوێندەوە، ئەگەرچی من ڕەخنە گرو شتی لەبابەتەنیم و بۆ یەك ساتیش نەدەمەوێ و نەبیر لەوە دەکەمەوە ڕۆژێك ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری بەهەموو ژانرەکانیەوە بنووسم. وەلێ ئەم شیعرەی (ڤینۆس) تەواو سەرنجی ڕاکێشام و هەندێ سەرنج نەك ڕەخنە گرانە ، بەڵکو وەك ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەی شعرەکەدا ، وەك خوێنەرێك لام دروست بوو. درووست ئەگەر شیعر نەتوانێ خوێنەر بجوڵێنێ و بەدوای خۆیدا ، وێنە و ڕووداوی بۆ بەجێ بێڵێ ، ئەوا شیعرییەتی خۆی لەدەست دەداو نابێتە ئەو مایسترۆ زیرەکەی لەکۆنەستی خوێنەرەکانیدا پەرە بەزیندوویی خۆی بداو بەشێوەیەك لەشێوەکان بەرجەستە بێت. خوێنەری ووشیار دەتوانێ دوای خوێندنەوەیەکی ووردی شیعری(لەهەناوما)، پەی بەسەلیقەیەکی دانسقەی زمان و وێنەو تەکنیکی شیعری بەرز ببا، دەتوانێ ئەو توخم و ڕەگەزانە بناسێ کەهەناوی مرۆڤێکیان دابەستوەو ئیش لەسەر کایە جۆراو جۆرەکانی پێکهاتەی فیکری و سیاسی و کۆمەلأیەتی و هتد دەکەن. (ڤینۆس)وەك هەرتاکێکی کۆمەڵگا، تەواو وەڕەس و دڵتەنگە بەرامبەر ئەو دیاردە ناچیزانەی جەستە و هەست و بیرکردنەوەی (قاو)دەدەن، یان دەتوانین بێژین (ڤینۆس )وێنەی ژنێتی خۆی و هاوڕەگەزەکانی لەشیعری(لەهەناوما)، بە زمان و وێنە و تەکنیکێکی شیعری مۆدێرن ، دەنوسێتەوەو پێمان دەڵێ :

**هەناوم پڕێتی لەهاوار**

.. بەلأم بەگوومانیشە لەوەی بتوانێ وێنە و ڕەنگ و دەنگی ئەو هاوارە ، لەزەمەنێکی خەسیودا گوێی لێبگیرێ و دانی پیابنرێ،وەك لەشوێنێکی تردەڵێ:

**لەهەناوما پیرێژنێک هەیە ،**

**هێشتا قارەمانەکانی ئەم جەنگەی نەخستوەتەوە**

، بێگوومان مەبەستی جەنگێکە ، کەلەدیدی (ڤینۆس)دا، جەنگێکی ڕەوایە و ئەفسووس قارەمانەکانی نەکەتوونەتەوە یان لەدایك نەبوون، کەئەمەش ڕۆچوونێکی تەواو شیعریانەیە بەنێو ئەو سات گەلانەی

بەردەوام شاعیر دەخەنە بەردەم پرسیارو دنەدانی دیوی ناوەوەی ژنێتی خۆی و هاوڕەگەزەكانی و پاشان پێیان دەڵێ :

لەهەناوما مێژوویەك هەیە،

هێشتا ئافاتەكانی ئەم دەڤەرەی نەنوسیوەتەوە

(ئەو) ئافات ڕەنگ و دەنگ و كەسێتی وردو خاشكردوە، ئەو مێژووەشی داگیری كردوە ، نەیتوانیوەو ناتوانێ ئافاتەكانی ناو هەناوی بنوسێتەوەو نامۆیە بەنوسینەوەو یاداشتكردنی كوشتن و خوێن لەبەر چۆڕانی جەستەی لەت و پەتی خۆی وەك تاك و وەك ژن و وەك كۆمەڵگاو وەك شووناس و وەك ڕەنگێك كە هەناسەی تیاخنكێنراوەو هتد ئەو مێژووە لەدیدی شاعیردا:

هێشتا سەرگوزشتەی كوشتنی بەكۆمەڵ و

كاڵبوونەوە ڕەنگی درەختەكانی ئەم شارەی نەبیستوە

ئەو مێژووییەك قبوڵ ناكاو نەفی دەكاتەوە كەلەڕابووردوودا ،نەیتوانی بێ پرۆسەی كوشتنی بەكۆمەڵ و كاڵبوونەوەی ڕەنگی درختەكانی لەبیرەوەرییەكانی خۆیدا تۆماربكا. شاعیرتەنیا بەوەشەوە ناوەستێ و بابەتە شارەوەكانی ناخی ئاوێنەی هەناوی خۆی نمایش دەكا،ودەڵێ :

لەهەناومدا ئاوێنەیەك هەیە گووناهی شاردوەتەوە،

داستانەكانی پیاوانی عەشرەت،

چیرۆكەكانی سیاسەت و حكومەت،

بەسەرهاتەكانی خیانەت و نەفرەت

، خوێنەر كەئەم دێرانە دەخوێنێتەوە، بەسەر توانایەكی شیعری گەورەدا دەكەوێ و ئەوەشی بۆ ساغ دەبێتەوە، كەشیعر دەتوانێ ئاوێنەی خستنە ڕووی تاڵی و سوێری و مەینەتیەكان و كۆستی جۆراو جۆر بێ، كەئەم مەملەكەتەی ئێمە پڕییەتی لەو بابەتانە، بەدیوەكەی تریشدا (ڤینۆس)ئاوێنەی ناخی خۆی دەكاتە ماڵی شیعروشیعریش هەناوی وەك وێنەی ڕاستە ڤینەی خۆی دەنوسێتەوە و تاسەر ئێسقان دەیگرێنێ، گریانێك مەگەر تەنها هەناوی ئەم ژنە شاعیرەو وێنەی ناوەڕۆكی ئەو كۆستەی كەشاعیر لێی دەدوێ كێش و سەرواى سرووتەكانی بزانن. بۆسەلماندنی ڕاستی ئەو وێنەیەیی سەرەوە ، دەتوانین بەخوێندنەوەی ناوەڕۆكی ئەم دێرە شیعرییانەی خوارەوە ، ڕوونتر لەمەبەستی سەرەوە بگەین:

ئابێرەدا بەبەر چاومەوە

قافڵەكانی پاكیزەكان تێپەرین

لەمسەربەگوڵی ئاڵ و

بەهاری دەم بەخەندە و بوخچەكانی

پڕلەحیكایەتەكانی كچێنی و پێكەنینەوە

لەوسەریشەوە لەسندوقێكی پایزی زەردا

دیارنەمان وبەدەم هەورەوە ڕۆشتن

بەهەناوی پڕلەخەیبەت و

سینگی لێوان لێو لەگوناهی ئاڵ

## لەکۆڵانەکانی فیرعەونیەکان بەجێمان

(ڤینۆس ) دەیـەوێ پێمان بڵـێ ، ئێمـە بێدەسـلاَترین مـەخلوق بـووین کەنـەمانتوانی وەرزی پـاکیزەیی قافڵـەی شـۆخە ئـەنفالکراوەکانمان، ڕاگـرین و وەڵامـی حیکایـەتی پـڕ لەکـچێنییان بدەینـەوە. ئـەوان (ڤینـۆس)واتــەنی لــەکۆلاَنی پڕتــرس و غــروری فیرعەونەکانــدا، بــەهارو گــوڵ و خەنــدەو کــچێنی ودواترووسکایی هەناسەشیان خنکێنـرا. مـن کوڕی ناوچـەیەکی ئـەنفال زەدەم و سـاتگەلی ئێجگار تـاڵی ئەنفالم دیوە، بەلاَم ئەم وێنە شیعرییەیی (ڤینۆس) ناوەڕۆکـە گـران بەهاکـەی لەوەدایـە بـەدەم ئـازاری وێنەی تاڵی ئەنفالەوە ، هەناسەی تەنگ دەبێ و خوڵقی لێوان لێو دەبێ ، لە هاوار.... هاوارێك کەوێنەی ژنێتـی خـۆی و هاوڕەگـەزکانی تیـا پـەنگ دەخواتـەوە یـان پـەنگی خواردوەتـەوە، بەدیوەکـەی تریـشدا بەردەوام خەمی ئەوەیەتی کـەس گوێی لێنـاگرێ و پـەی بـەئازارەکانی نـاخی نابـا، بـەلاَم لەبەرامبـەردا ناتوانێ دەسـتە و وەسـتان پیـشەی بـێ وپرۆسـەی خۆبەدەسـتەوە دان نـازانێ، بۆیـە ئەگەرچـی گوێیـشی لێناگیرێ، بەلاَم بە(نا)یەکی سەرسەختانە و پـەنابردن بـۆ شـیعر ئـەم پرۆسـەی ڕوو بـەڕوو بوونەوەیـە ئەگەرچی سـەختیش بـێ، درێـژە پێـدەدا. تێکـەڵکردنی ژن و شـیعرو ئـەنفال و کـۆت و بەنـدی خێـڵ و زەبـرو زەنگی بـاوك سـالاری و زۆربابەتگـەلی تـر، بیرۆکـەی ئـەم دەقـە شـیعرییەیی شـاعیرن ، مـن وەك خوێنەرێکی ئەم دەقە هەستم بەوە کرد ئەو دەقەئەدەبیانەی کـەلای ئێمـە دەکەونـە بەردەسـت و بـلاَو دەبنەوە زۆر گوناهن، نەلەبەرئەوەی لەناوەڕۆکدا بـەتاڵ بـن لەمـەعنا، بـەڵکو لەبـەر ئـەوەی زۆر سـادەو نابەرپرسیارانە بەسەرماندا دەگوزەرێ و ڕەخنە و خوێندنەوەو ڕاڤـەیان بـۆ نـاکرێ، تـەنها بـۆ نوسـینی چەندکەسـێك نـەبێ کەلـە پەنجەی دەسـت تێناپـەڕن. ئـەم چـەندێرەی منـیش لەسـەر ئـەم شـیعرەی (ڤینۆس)، تەنها ویژانی خوێنەرێکە و بەس........